د. بەرهەم ساڵح لەبارەی تەقینەوەکەی کرمان: ئەو تاوانە تیرۆریستییە مایەی شەرمەزارییە

د. بەرهەم ساڵح، سەرۆك کۆماری پێشوی عێراق لە پەیامێکدا لەبارەی تەقینەوەکانی کرمان، رایگەیاند، ئەو تاوانە تیرۆریستییە مایەی شەرمەزارییە، پێویستە گەلانی ناوچەکە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاوکاربن بە ریشەکێشکردنی تیرۆر و توندڕەوی و چەسپاندنی ئاشتی و ئاسایش.

د. بەرهەم ساڵح لە پەیامێکدا لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی "X" (پێشتر تویتەر) رایگەیاند، "پرسە وسەرەخۆشی لە خەڵک و حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکەین بە قوربانیەکانی تیرۆر لە شاری کرمان، ئەم تاوانە تیرۆریستییە مایەی شەرمەزارییە، پێویستە گەلانی ناوچەکە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاوکاربن بە ڕیشەکێشکردنی تیرۆر و توندڕەوی و چەسپاندنی ئاشتی و ئاسایش".